

### پرۆفیسۆر سۆنیا لاورانس بۆ گوڵان:

# پەروەردەکردنی کچان نەوەیەکی ژنی هۆشیار بۆ کۆمەڵگە ئامادە دەکات

**پرۆفیسۆر سۆنیا لاورانس ئوستادی یاسایە لە زانکۆی ئۆسگود لە کەندا و وەك نوسەری داد بۆ سەرۆکی دادگای فیدرالی کەندا کاری کردووە و ئێستاش بەرێوەبەری ئامۆژگای فیمینیستە بۆ دیراساتی یاسایی لە زانکۆی ئۆسگود، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی یەکسانی ئافرەتان و بایەخدان بە پەروەردەکردنی ژنان و دابینین کردنی ژینگەی لەبار بۆ خویندن و پەروەردەی کچان ئەم وتوێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر سۆنیا لاورانس ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

**پەروەردەکردنی کچان بۆ پێگەیاندنی ژنان، کردنەوەی دەرگاکانی سەرکەوتنە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا**

*** بەشـێك لە بەرنامەی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی توانای ئافرەتان، بـە تایبەتی ئافرەتان لە وڵاتانی تازەگەشـەکردودا، تەرخانکـراوە بۆ کچان. لەبەر ئەوە هۆیە، کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی ڕۆژێکی داناوە بۆ کچان، کـە ڕۆژی جیهانی کچانە. بە پێی تێڕوانینی ئێوە، ئایا گرنگیـدان بە کچان لە وڵاتانی تازەگەشەکردودا چیە؟**

- پێـم وایە ئەتوانین لە ڕێـی بایەخدان بە پەروەردەی منداڵانـەوە ئەو جـا ئەو منداڵا کچ بیـت یان کوڕ، ئایندەیەکـی جیاواز دروسـت بکەین. لـە هەمو ئەو شـوێنانەی کە خەو بە ئایندەیەکی جیاوازەوە دەبینین، دەبینین پەروەردەی نەوەی نوێ ڕێگای هێنانەدی ئەو خەونەن. چۆنیەتی پەروەردەکردن و گۆشـکردنیان ئەوە یەکلادەکاتەوە ئایا دەرفەت دەخولقێنین یاخود دەرگا بە ڕوماندا دادەخرێت. لە هەموو شـوێنێکی ئەم جیهانەدا زۆریك لەو خەونانە پەروەردەی باشـی ئافرەتان بەدی دەهێنـن، کە زۆر جار بە ئیمەی ژنـان وتراوە ناتوانن ئـەو ئومێدانە بەدی بهێنن، وەك خەونی گەیشـتن بە سـەرکردایەتی لەلایەن ئافرەتانەوە، بۆیە لەم راسـتەوە دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە پەروەردەکردنی کچان بۆ پێگەیاندنی ژنان و ئافرەتانی هۆشیار لە کۆمەڵگە وەك توێژینەوە زانسـتیەکانیش ئەوەیان دەرخسـتووە، کردنەوەی دەرگاکانی سـەرکەوتنە بـۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا

**نەریتە جیاوازەکان و واقیعی حاڵی ئافرەتان لە وڵاتانی جیهاندا ئاڕاستەی جیاوازی ژیانمان پیشان دەدەن**

*** بەڵام یەکێك لە کێشـە و ئاستەنگەکانی بەردەمی پێشـکەوتنی ژنان لە کۆمەڵگەی تازە پێگەیشـتوو، لە قەیرانی پەروەردەوە دەسـت پیدەکات، ئاسـتەنگ بۆ پەروەردەی کچان دروسـت دەکریت، بۆ نموونە زوو لـە قوتابخانە دەردەهێنرین، پێش تەمەنی ١٨ سـاڵی بە شـودەرێن، بـە تێڕوانینی ئێوە، تـا چ ڕاددەیەك**



**پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بۆتە هۆکاری ئەوەی ڕەگەزی منداڵ پیش لە دایکبوون دیاری بکرێت، ئەمەش زۆر جار بۆتە هۆکاری ئەوەی ڕەگەزی کچ لە باربربدرێت**

**ئەگەر ئەمانەوێت گۆڕینێکی ڕاستەقینە و درێژخایەن بهێنینە ئاراوە ئەوا پێویستە فێری ئەوە بین بەشداری بە ئافرەت بکەین**

**زۆرجار پارتە سیاسیەکان توانا و بەهرەی ئافرەتانی گەنج نابینن و نایانەوێت بیانهێننە نێو پارتەکانیانەوە**

**هاوســـەرگیری پێش ١٨ ساڵ زیانبەخشە بۆ نەوەکانی داهاتو و بۆ تەندروستی ئافرەتان؟**

- هاوسەرگیری پێشوەختە کێشـــەیەکی ئاڵۆزە. نەریتە جیاوازەکان و واقیعی حاڵی ئافرەتان لە وڵاتانی جیهاندا ئاڕاســـتەی جیاوازی ژیانمان پیشان دەدەن. تێڕوانینی من وەك دایکیك بەو جۆرەیە، کە من پێم خۆشە کچەکانم دەرفەتی ئەوەیان هەبێت خوێندن تەواو بکەن-لە زانکۆ- پێش ئەوەی بیر لە پێکهێنانی خێزان بۆ خۆیان بکەنەوە. بەڵام هاوســـەرگیری پێشـــوەختە یەکێکە لەوتەحەددیە جیاوازانـــەی کچان ناچارن ڕوبـــەڕوی ببنەوە. ئەگەر کچان بواریان پێنەدرێت بخوێنن یان ڕۆڵی سەرکردایەتی ببینن، ئـــەوا ڕەنگە کۆتای هێنان بە هاوســـەرگیری پێشـــوەختە زۆر هـــاوکار و یارمەتیـــدەر نەبێـــت- بۆ باشترکردنی ڕەوشی ژیانیان-. پێم وایە ئەو ئافرەتانەی پێشوەختە هاوسەرگیریان کردووە تێڕوانینێکی گرنگیان هەبێت لەبارەی زیانەکانی هاوسەرگیری پێشوەختە.

*** هەنـــدێ لە توێژینەوەکان ئاماژیـــان بەوەکردووە کە لە وڵاتانی تازەگەشـــەکردودا بایەخدان بە تەندروستی کوڕان زیاتـــر لە بایەخدان بە تەندروســـتی کچان، کە ئەمەش لـــە جیاوازی ڕەگەزییەوە ســـەرچاوە دەگرێت کە لە خێزانـــدا پیادە دەکرێت. چۆن ئەکرێت ئاســـتی هۆشیاری بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی جیاوازی ڕەگەزی لە ناو خێزانەکانەوە ڕێگەی لێبگیرێت؟**

- پێم وایە ئێوە پرسیاری پلاندانانی پەیوەست بە خێزانەوە لەمن دەکەن، بیرۆکەی لەباربردنی منداڵ ئەگەرهاتوو زانیان مناڵەکەیان کچە. ئەوە بە دڵنیاییەوە ڕاســـتە کە کە زۆر شوێن هەیە لە جیهاندا، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وای کردووە بتوانرێـــت لەباربردنی ڕەگەزێکی دیاری کراو لە منداڵ ئەنجام بدرێت- واتە لەباربردن بۆ ئەوەی منداڵێکت نەبێت کە ڕەگەزێکی دیاری کراوی هەبێت. پێدەچێت، لە زۆر شـــوێندا، خەڵکـــی لەباربردنی کچ هەڵدەبژێـــرن، و ئومێدی ئەوە دەکـــەن کوڕێکیان ببێت. نابێـــت ئەمە جێی سەرســـوڕمانمان بێت. چونکە ئێمە کۆمەڵگەیەکمان خوڵقاندووە کـــە تێیدا پەروەردەکردن و ڕۆڵی ســـەرکردایەتی بە پیـــاوان دەدرێت، کە تێیدا بە شێوەیەکی سیستماتیکی ئافرەتان بە چاوێکی نزم سەرنج دەدرێن، و لاواز دەکرێن، و کرێیەکی کەمتریان پێدەدرێت، ئەگەر هەر پێیان بدرێت، و بە شـــێوەیەکی گشتی وەك بونەوەرێکی کەمتر سەیریان دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پێم وانیە بە ڕاســـتی ئەگەری « قەدەغە»کردنی ئەم نەریتانە هەبێـــت. تەکنەلۆژیا بە شـــێوەیەکی بەربڵاو لەبەردەستدایە، و خواستی هێنانەدنیای کوڕ خواستێکی بەهێزە. پێم وایە، شـــێوازێکی دیکـــەی گرنگ، ئەو شـــێوازەیە کە هەندێ لە وڵاتانـــی گرتویانەتەبەر، کە بریتیـــە لە زیادکردنـــی دەرفەتەکانی بـــەردەم کچان، هەروەها هەڵســـانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بە هەوڵدان بۆ گۆڕینی هەلومەرجی ماددی کە وا دەکەن تەفزیلی کوڕ بکرێت. ئەگـــەر کچان پەروەردە بکرێن، ئەگەر کچان بتوانن کاری باش بەدەست بهێنن، ئەگەر کچان بتوانن ببنە سەرکردە، و بەختەوەر بێت و بتوانێت ئەم شتانە بۆ خێزانەکەی دابین بکات، ئەو کاتە خەڵکی دەیانەوێت کچیان ببێت. هیچ نەریتێك نەخشـــی سەر بەرد نیە. هەر کاتێك کۆمەڵگە بیەوێت بگۆڕێت، ئەوا ئەتوانێت پەرە بە پەیام و ڕێگاکانی گۆڕان بدات.

*** ئەگـــەر کچان پـــەروەردە بکرێن، ئـــەوا لە ئایندەدا ئافرەتـــان ئامادە دەکرێت لە کۆمەڵگەدا. بە تێڕوانینی ئێـــوە، گرنگی بەشـــداری کردنی ئافرەتـــان چیە لە پرۆسەی سیاســـیدا؟ ئایا پێت وایە ئەمە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی پرۆسەی بەرەوپێشچوون سەرکەوتوو بێت؟**

- مـــن دڵنیانیم لەوەی ئایا بوونی ژمارەیەکی زیاتری ئافرەتان دەبێتەهۆی ئەوەی جیهانێکی باشتر بێتەئاراوە. بەڵام پێم وایە پێویســـتە هەمو دیموکراســـیەك هەوڵی ئەوە بدات ببێتە دیموکراســـیەکی نوێنەرایەتی. ئەگەر ڕێگری لە کەســـانێك بکرێت لـــە کۆمەڵگەدا لەوەی ببنە ســـەرکردە و لەوەی بەشداری لە پرۆسەی بڕیاری سیاســـیدا بکەن، ئەوا بیرکردنەوە و توانای ڕەخنەگرانە لەدەست دەدەین. ئافرەتان ئەتوانن ئەو پرس و مەسەلانە بهێننە پێشـــەوە کەلەلایەن ئەو کەسانەوە پشتگوێخراون کە بڕیارەکان دەردەکەن. بە هەمان شێوە، هێنانەپێشەوەی هاوڵاتیـــە هـــەژارەکان و خەڵکە پەراوێزخـــراوەکان بۆ ناوەندەکانی دەسەڵات دەبێتەهۆی گۆڕینی ئەولەویات. ئەگەر ئەمانەوێت گۆڕینێکی ڕاستەقینە و درێژخایەن بهێنینە ئاراوە ئەوا پێوێیســـتە فێری ئەوە بین بەشداری بە ئافرەت بکەین.


*** لـــە گۆمەڵگە ڕۆژئاواییە گەشـــەکردوەکاندا، ئێمە دەبینیـــن ئافرەتان پتر لە ڕێکخـــراوە ناحکومیەکاندان، نەك لە پۆســـتە سیاســـیەکاندا دەردەکـــەون. ئایا پێت وایـــە ئەمە بە مانـــای ئەوەبێت، تەنانـــەت لە وڵاتە گەشەگردوەکانیشدا، بەربەست هەیە لەبەردەم بەشداری ئافرەتان لە سیاسەتدا؟**

- بە دڵنیاییەوە کۆسپی مەترســـیدار هەیە! لە کەنەدا ڕێکخراوێکی نەتەوەیی هەیە پێی دەووترێت «Equal Voice»، دەنگـــی یەکســـان، کە تەرخـــان کراوە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر لە ئافرەتان بهێننە نێو پرۆسە سیاسیەکەوە. ئەوان چەندەها جۆری بەربەست دەستنیشان دەکەن-زۆرجار پارتە سیاسیەکان توانا و بەهرەی ئافرەتانی

گەنج نابینن و نایانەوێت بیانهێننە نێو پارتەکانیانەوە. بە زۆری ئافرەتان پێیان وایە بەرپرسیارێتیەکانیان ئەوەندە زۆر کە ناپەرژێنە سەر سیاسەت. ئافرەتان بە شێوەیەکی جیاواز و بە خراپی لەلایەن ڕاگەیاندنەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت، و بە شێوەیەکی دڵڕەقانە حوکمیان لەسەر دەدرێت، کە ئەمە بەرامبەر پیاوان ناکرێت. و ئافرەتانیش لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا بەو شێوەیە فێر ناکرێت کە پێشبینی ئەوەیان لێبکرێت ببنە سەرکردە و شارەزان. پێم وایە ئێمە هەوڵی گۆڕینی ئەمە دەدەین، بەڵام ئێمە ڕێگایەکی دوورودرێژمان لە پێشە.

* **چۆن ئەتوانرێت زاڵببین بەسەر ئەم بەربەستانەدا؟ بە تایبەتی کە وڵاتانی تازەگەشەکردو بە ڕاستی پێویستیان بە هێزی ئافرەتان هەیە لە زۆرێك لە پرۆسەکاندا، بۆ نموونە لە بواری بەگژاداچوونەوەی گەندەڵی و هتد؟**

ئەو ڕێکخراوەی ئاماژەم پێکرد، Equal Voice، دەنگی یەکسان، تاکتیکی جیاواز بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی هاوکاری ئافرەتان بکات تاوەکو بێنە ناو سیاسەتەوە. ئەوان بێ بەرامبەر کۆرسی ڕاهێنان و مەشقپێکردنیان بۆ ئافرەتان دەکرێتەوە، ئەوان ئارەزوی ئەوەیان هەیە خۆیان بۆ پۆستە جیاوازەکانی دەسەڵات لەسەر هەموو ئاستەکاندا بپاڵێون، ئیتر لەسەر ئاستی شارەوانی بێت (شارەکان، یان حکومەتی پارێزگاکان یان حکومەتی فیدراڵی. لەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن مشت و مڕ لەبارەی نەبوونی ئافرەتانی هەڵبژێرداوەوە دەکەن. لە بنەڕەتدا ئەمە ڕێکخراوێکی ناحزبیە کە کار بۆ ئەوە دەکات هەر کاتێك ئافرەتان خواستی ئەوەیان هەبوو بەشداری لە سیاسەتدا بکەن، ئەوا شوێنێك هەیە بۆیان کە فێری ئەوەیان دەکات چۆن هەنگاوی داهاتوو هەڵبگرن. بۆی هەیە ئەمە مەشق و ڕاهێنانێکی عەمەلی بێت (چۆن فۆرمەکان پڕدەکرێنەوە، چۆن پارە کۆدەکرێتەوە، چۆن سیاسەتی شار پیادە دەکرێت)، هەروەها هاوکارن لە دروستکردنی ئەو پەیوەندیانەی پێویستن بۆ سەرکەوتن لە پێشبرکێ سیاسیەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، جێی داخە، ئافرەتانیش زۆر جار لە گەندەڵیەوە تێوەگلاون، بەڵام سەبارەت بەوەی ئافرەت کەمتر ئەگەری ئەوەی لیدەکرێت لە گەندەڵیەوە تیوەبگلین، پێم وایە لە هەندێ ڕووەوە ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چەند زەحمەتە ئافرەتان بتوانن بچنە نێو سیاسەتەوە. بە زۆری «ماکینەی» سیاسەت، کە ماکینەیەکی دامەزراو و گەندەڵە بە ڕووی ئافرەتاندا داخراوە. ئەوان وەك کەسانی ڕیفۆرمخواز دێنە ناو دەسەڵاتەوە لەبەر ئەوەی ئەمە تاکە ڕێگایە لەبەردەمیاندا، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە بایەخ بە سیاسەت دەدەن.




# ڕۆژی جیهانی کچان

لە ١٩ دیسەمبەری ساڵی ٢٠١١ ریکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ١٧٠/٦٦ پەسەند کرد بەوەی ڕۆژی ١١ی ئۆکتۆبەری هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی جیهانی کچان لە جیهاندا دستنیشان بکریت، ئەم بریارە دانپیدانان بوو بە مافەکانی کچان کە هەر لەمنداڵیەوە ئەو مافانە پشتگوی دەخرین و دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم پەروەردەی کچان و نەوەی نویی ژنان و ئافرەتان

یەکەم هەنگاو لەم ڕاگەیاندنە هەوڵدانە بۆ ڕێگرتن لە پرۆسەی هاوسەرگیری کچان لەتەمەنی منداڵیدا، لەبەر ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری پێشوەختەی کچان دەبێتە هۆکاری ئەوەی کچان گەنجی بێ بەش بن و لە خویندن دەست هەڵبگرن، هەروەها پرۆسەی هاوسەرگیری کچانی منداڵ دەبیتە هۆکاری ئەوەی کە هەم تەندروستی دایکەکەو هەم تەندروستی کۆرپەکەش دەکەویتە مەترسیەوە، لەسەر ئاستی جیهان ئامارەکان دەریان خستووە کە لەنیوان سێ خانمی تەمەن ٢٠-٢٤ ساڵدا یەکیکیان پیش تەمەنی ١٨ ساڵی شووی کردووە، لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووش ٪ ٩٠ی ئەو کچە هەرزەکارانەی تەمەنیان ١٩ ساڵە پیش ١٨ ساڵ هاوسەرگیریان ئەنجامداوە، ئەمەش کاریگەری نەرینی لێ کەوتۆتەوە و سەرەنجام بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی مردنی منداڵی خوار تەمەن ٥ ساڵ.

ئەم بریارە داوا لە حکومەت و ریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات کاربکەن بۆ:

١. ریگرتن لە پرۆسەی هاوسەرگیری کچان پیش ١٨ ساڵی.

٢. گرنگیدان بە پەروەردەی کچان بە تایبەتی لە قۆناخی سەرەتایی و ئامادەیی و نەمانی بۆشایی جیاوازی ڕەگەز لە خویندندا.

٣. هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ گۆڕینی نەریتە ناشیستەکانی کۆمەڵگە کە دەبنە هۆکاری جیاوازی ڕەگەزی نیوان کچ و کور.

٤. چارەسەرکردنی هۆکارە شاراوەکان کە دەبنە هۆکاری بەشودانی کچ لەتەمەنی منداڵیدا.

# لە پەرلەمانی کوردستاندا هیچ یاسایەکی تایبەت بە کچان نییە

زۆر جار باسی ئەوە کراوە کە لە کۆمەڵگەی نەریتی جیاوازی ڕەگەزی لەسەر بێشکەوە دەستپێدەکات و بەردەوام کچ لە ماڵی باوکی وەک میوان سەیر دەکرێت، سەرەڕای ئەوەش کاتێک لە ماڵەوە توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت، ناتوانێت داوای یاسایی لە سەر تاکی خێزانەکەی تۆمار بکات، چونکە کۆمەڵگە خێزانەکەشی ئەوەی لێ قبووڵ ناکەن، ئەوانەش وایکردووە کچ بەردەوام بچەوسێتەوە و توانایی بڕیاردانی نەبێت و لە چەمکی بڕوابەخۆبوونیش بێبەش بێت،ئەمەو دەیان ئاریشەی دیکەی کچان بەدی دەکرێت و تا هەنووکەش پەرلەمانی کوردستان هەوڵینەداوە یاساییەکی تایبەت بە کچ دەربکات.



گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئەمجەد ساڵەیی سەرۆکی لقی کەرکووکی مافپەروەرانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە لە یاسا عێراقی و کوردستانییەکان یاسایەکی تایبەت بە کچ بوونی نییە، تەنها هەر ئەوانەیە کە لە ناو یاسای سزادان یان بەرەنگاری توندوتیژی خێزانی بەگشتی بۆ ئافرەتان هاتووە، گوتیشی «بەبۆچوونی من باوەڕ ناکەم یاسایەکی تایبەت بەخودی کچ پێویست بێت، بەڵام دەکرێ یاسای سزادان و باری کەسی هەموار بکرێتەوەو تایبەتمەندیەکی بۆ کچانیش تێدا بێت، بەڵام نە پەرلەمان و نە حکومەت ئەو کارە ناکەن، لە بەر ئەوەی سەرقاڵی بودجە و کێشەی پارەی نێوان حزبەکان و پارەی نەوتن، واتا سەرقاڵی ئەو یاسایانەن کە تایبەتە بە پارەن، بەڵام زۆر یاسای تر هەن، کە زۆر گرنگن بۆ ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتی و دەبێت کاری جددی لەسەر بکرێ».

### پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فشار بخەنە سەر پەرلەمان

ساڵەیی بەپێویستی زانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فشار بخەنە سەر پەرلەمان، بۆ ئەوەی یاسای سزادان و باری کەسی هەموار بکرێتەوەو تایبەتمەندیەکی بۆ کچانیش تێدا بێت، چەنکە ئەگەر یاسای تایبەت بە پاراستنی مافی کچان هەبێت، کچیش ئەوەندە ناچەوسێندرێتەوە، ئەوەشی خستەڕوو کە «رۆژانە دەیان ئافرەت سکاڵا لەسەر مێردی تۆمار دەکات، بەڵام کچێك گەر زۆر بە توندیش مامەڵەی لەگەڵ بکرێ لە ناو خێزان، ناتوانێت داوا لەسەر باوك و برای تۆمار بکات، بەراستی کچ وەك ژنیش نییە، ژن کە لە پیاوەکەی جیادەبێتەوە، لەوانەیە نەفەقەیەکی بۆ دابنرێت و بتوانێ هەرچۆنێ بێت پێی بژیت، بەڵام کچ ئەوەشی نابێت، ناچار دەبێت بە داواکاری کەسوکاری رازی بێت و ملکەچی بڕیارەکانیان بێت، یاسا دەتوانێ سزای کەسوکاری کچ بدات، ئەگەر بە زۆر بە شوو بدرێت، بەڵام زەمانت چییە و ئەو کچە پاش سکاڵاکەی چی لێدەکرێت؟». گوتیشی «ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی شەرقی دەژین، نە یاسای غەرب جێبەجێدەکەین، نە بە حوکمی شەرعیش ئیش دەکەین، تەنها چەند دابونەریتێکی بەسەرچووی بێ توانا لە ئاستی کێشەکان بەرنامەی ژیانمانە».

### زۆربەی یاساناسەکانی ناو پەرلەمان بڕوایان بەپرسی ئازادکردنی ئافرەت نییە

پەرلەمانتار ئاشتی عەزیز، سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەکات کە پەرلەمانی کوردستان لەماوەی رابردوودا لەسەر هەندێ پرسی گرنگ کاری کردووە، بەڵام پێویستە هەر لە منداڵییەوە پارێزگاری لە کەسایەتی منداڵ بکرێت، بەتایبەتی رەگەزی مێینە، بۆ نموونە دەکرێ یاسایەکی تایبەت هەبێت لەسەر مافی منداڵانی کچ تاوەکو لەقوتابخانە و سەرشەقام و دامودەزگاکان پارێزراوبێت، ئەو یاسایە رێگە نەدات کچان نە رووبەڕووی دەستدرێژی کۆمەڵگە و نە رووبەڕووی توندوتیژی خێزانیش ببنەوە، دەکرێ لەڕووی مەنتقیەوە کچ بخەینە نێوەندی یاسای پارێزگاریکردن لەمافی منداڵ، کە بەداخەوە ماوەیەکی زۆرە ئەو یاسایە لەپەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراوە، بەڵام تائێستا نەچۆتە چوارچێوەی گفتوگۆکردن، زۆرجار یاساش دەردەچێت، بەڵام بەهۆی زۆری رۆتیناتی دادگا و بڕوانەبوون بە سەربەخۆیی ئافرەت و هاوکاریکردنی، وایکردووە ئافرەتەکە نەتوانێ بەپێی پێویست لەم یاسایە سوودمەند بێت»، ئاشتی عەزیز وتیشی «یاسایەکی دیکەمان هەیە کە ماوەیەکی زۆرە پێشنیارکراوە و تاوەکو ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆنەکراوە، ئەویش هاوکاریکردنی ئەو کچانەی کە لەژێر سەقفی خێزانەکانیاندا ماونەتەوە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ درێژە بەژیانی خۆیان بدەن و ناچار نەکرێن بەهۆی نەبوونی داهاتێکی سەربەخۆ رێگەیەك بەنابەدڵ هەڵبژێرن، هۆکاری وەلانانی ئەویاسایە، رەنگە ئەوە بێت، پەرلەمان بەرنامەی زۆرو پڕکاری هەبێت، بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە بەشێك لەپەرلەمانتارانی کوردستان و یاساناسانی کوردستان بەتایبەت پەرلەمانتارانی یاسایی بڕوایان بە زۆرێك لەم پرسانە نییە، باشترین بەڵگەشم کاتێك یاسای بەرەنگاربوونەوەی تەندوتیژی دژ بەئافرەتان هاتە پەرلەمان بینیمان زۆربەی یاساناسەکانی ناو پەرلەمان بڕوایان بەپرسی ئازادکردنی ئافرەت نییە لەچەوساندنەوەی دەسەڵاتی پیاوسالاری و تائێستا ئەو عەقڵیەتە باڵی بەسەر کۆمەڵدا کێشاوە».

### ئاوڕنەدانەوە لەپرسی کچ هۆکاری ئەوەیە پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن تائێستا بڕوایان بە یەکسانی ئافرەت و پیاو نییە

ئەو پەرلەمانتارە، ئەوەشی خستەڕوو کە لەدوو کابینەی حکومەتدا یەك وەزیری ئافرەت هەیە، ئەگەر لە وەزارەتەکانیش بڕوانین کەمترین رێژە ئافرەت بەڕێوەبەری گشتییە، باشترین نموونەش بۆئەم قسانەم بەپێی راپرسییەکی یەکێك لەڕێکخراوەکانی یوئێن، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان رێژەی بەڕێوەبەری گشتی ئافرەت ٠٪ ـە، هەروەها لەسەر دامودەزگاکانی حکومەت کەمترین پێگە دراوە بە ئافرەت، بۆیە کە

ئەمجەد ساڵەیی سەرۆکی لقی کەرکووکی مافپەروەرانی کوردستان:

**رۆژانە دەیان ئافرەت سکاڵا لەسەر مێردی تۆمار دەکات، بەڵام کچێک گەر لە ناو خێزانەکەی زۆر بە توندیش مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، ناتوانێت داوا لەسەر باوک و برای تۆمار بکات**

پەرلەمانتار ئاشتی عەزیز:

**ئاوڕنەدانەوە لە پرسی کچ هۆکاری ئەوەیە کە عەقڵیەتی کۆمەڵگە بەدەزگای پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە تائێستا بڕوایان بەیەکسانی پیاو و ئافرەت نییە**

**مامۆستا هێمن شارەستێنی پێشنوێژ و وتارخوێنی ئایینی:**

## ئیسلام ڕێزێکی تایبەتی بۆ کچ داناوە و لە جەوهەری ئافرەت هۆشداری بەپیاوان دەدات کە مافی دایک لەپێش مافی باوکە

**هێمن عومەر توێژەری کۆمەڵایەتی:**

## پەرلەمان بە فۆرمێکی نێرینە دەرکردنی یاساکانی بە ڕێژەیەکی کەم نەبێت لە بەرژەوەندی ئافرەت نابێت و دووبارە بۆ بەرژەوەندی پیاو دەشکێتەوە

یاســاش دەردەکرێ، بەتەواوی جێبەجێ ناکرێت، بۆیە لێرەدا پێویســتیمان بەگۆڕینی عەقڵیەتی سیاســی و دەســەڵاتی جێبەجێکردن هەیە، پێویســتە لەهێڵکاری سیاسەت و ئابووری هەرێمی کوردستان ئافرەت پێگەی بڕیاردانی هەبێت، من پێموایە ئاوڕنەدانەوە لەپرسی کچ هۆکاری ئەوەیە کە عەقڵیەتــی کۆمەڵگە بەدەزگای پەرلەمان و دەســەڵاتی جێبەجێکردنەوە تائێستا بڕوایان بەیەکسانی پیاو و ئافرەت نییە.

### پەروەردەی خێزان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە

لــەلای خۆیەوە یوســف عوســمان وەك پســپۆڕێکی دەروونناس، ئاماژەی بەوە دا کە لەڕووی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییــەوە بڕیار هەرەمی هەموو شــتەکانە، زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ وا بەئاسانی بڕیار بدات، یاخود بڕیار جێبەجێ بکات، پەروەردەی خێزان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەســەر ئــەوەی کە تاکــەکان تاچەند دەتوانن خاوەن بڕیاری خۆیــان بن، نەك هەر ڕەگەزی مێینە بەڵکو زۆرجار نێرینــەش لەبڕیارداندا نیگەرانە، تەنانەت کە پرسیار لەمنداڵی کچ دەکرێ، ناوت چییە؟ یەکســەر دایکەکە، یان باوکەکە بەر لە منداڵەکە وەڵام دەداتەوە، ئەو کچە لەوە تێدەگات کە ناتوانێ گوزارشت لەبۆچوونــی خۆی بــکات و وەڵامی پرســیارەکانی بەرامبەرەکــەی بداتەوە، بۆیە لــەدەرەوە و لەقوتابخانە کە پرسیاری شتێکی لێدەکرێ، هەرچەندە وەڵامەکەش بزانێ، بەڵام جورئەتی وەڵامدانەوەی نابێت و متمانەی بــە وەڵامەکەی خۆی نییــە، کاتێکیش کــە گەورە دەبێت، تەنانەت لەکاتی هاوســەرگیریدا ئەو کەسەی داوای دەکات، بەدڵیەتــی، بەڵام ناتوانێ بڕیاربدات و ســەیری دەمی دایك و باوکی دەکات، کاتێك ئەو کچە دەگاتە جێگەی بڕیاردان، دەچێتە پەرلەمان، دەچێتە نێو کایەکانی سیاســەت زۆر بە زەحمەت بڕیاردەدات، بۆیە پێویســتە کچان لە بناغەوە لە خێزان و قوتابخانەدا وا پەروەردە بکرێن کــە بتوانن خاوەن بڕیاری خۆیان بن و یاسایەکیش هەبێت پشتیوانییان بکات».

### پەرلەمانی کوردستانیش زیاتر فۆرمێکی نێرینەی پێوە دیارە

هێمن عومــەر توێــژەری کۆمەڵایەتییەو ســەبارەت بە پرســی پشــتیوانی کچ لە ڕێگەی یاساوە، دەڵێت «لەڕاســتیدا ئێمــە کۆمەڵگەیەکی پیاوســالارین و نامانەوێــت بە هیچ شــێوەیەك ئافرەت دەســەڵاتی کۆمەڵایەتی پێ بدرێ، هەر بۆیەش ئەو باوکسالارییە ســەرلەبەری کۆمەڵگەی بە لایەنــە کۆمەڵایەتی و سیاســی و تەنانەت ئابوورییەکەشی کۆنترۆڵ کردووە، پیاوان وایان لە بەرژەوەندایە کە ئافرەت بکەنە کۆیلەو ژێردەســت و خزمەتــکاری خۆیان و وەکو کەرەســتە سوودی لێوەربگرن، نەك وەکو مرۆڤ، ئەوەش وایکردووە لەڕووە کۆمەڵایەتییەکەوە، کچ بەردەوام بچەوســێتەوەو ڕووبەڕووی زۆر کێشەوگرفتی کۆمەڵایەتی بکرێتەوە، بۆ داواکردنی مافەکانی خۆشــی ڕێگەی لێبگیرێت و بەناوی عەیبەو شــەرمەی کۆمەڵایەتییەوە دەمکوت بکرێــت، لەڕووە سیاسییەکەشــەوە تاوەکو ئێســتە لە کۆمەڵگەی ئێمە ئافرەت بە ڕێژەی دیاریکراو دەڕواتە پەرلەمانەوە کە ٣٠٪ـە، ئــەوەش بێگومان مانای ئەوە دەگەیەنێ کــە ئافرەتی کۆمەڵگەی ئێمە تا ئێســتە نەیتوانیوە بە ڕێژەی پیاوان بێنە پێشــەوە، بەڵکو ئەوەی کە هەشــە فشار بووە لەسەر سیاســەت و لەبەرئەوەی چەمکی دیموکراسی بەرزکردووەتەوە، ناچاربووە بەهەر



شێوەیەك بێت ئەو دەرفەتە بە ئافرەت بدات کە ڕێژەیەکی دیاریکراوە، پەرلەمانی کوردســتانیش زیاتر فۆرمێکی نێرینەی پێوە دیارە کە هاوسەنگ نییە لەگەڵ ئافرەت، لەو حاڵەتەشدا بێگومان دەرنەکردنی یاساکان و دەرکردنی یاســاکانیش بە هەمان شێوە بە ڕێژەیەکی کەم نەبێت لە بەرژەوەندی ئافرەت و کچاندا نابێت، بەڵکو دووبارە بۆ بەرژەوەندی پیاو دەشکێتەوە».

هێمن جەختی لەوەش کردەوە کە «چارەســەرکردنی ئەو کێشانەو یەکسانبوونی جێندەری لە کوردستان ڕوونادات، تاوەکــو ئافرەت خۆی دەســت بە شــۆڕش و ڕاپەڕین نەکات، کە ســەرکردایەتییەکی مێینەی هەبێت، نەك

نێرینەکان لەبری ژن، داوای ماف بۆ ئافرەت بکەن، بێگومان ئەو رێنەدانە بە کچ و ئافرەتیش پێویستی بە هۆشیارییەکی راستەقینە هەیە نەوەکو هۆشیاریەکی فریودراو، کە وەکو لەدوای ڕاپەڕینەوە زۆرێك لە گەورەکچان بەناوی رێکخراوەو سەنتەرو دامەزراوەی ئافرەتانەوە لەژێر بیانووی کارکردن بۆ مافەکانی ئافرەت پارە لە حکومەت وەردەگرن، دواجار دەبیسترێ ئەوانە هەر خۆیان سەر بە هەوێ شوویان کردووە، یان خۆیان کردووەتە کۆیلەی پیاوێك بە زێڕو بەماڵ، بۆیە زۆر گرنگە سەرکردایەتیکردنی ئەو ڕاپەرینە ژنانەیە هەڵقوڵاوی ناخی ژن و داواکارییەکانی بێت نەوەکو بە هەمان نەفسی بەرژەوەندیەکانی پیاوەوە هەندێك ژن خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن و دواتریش ئەوەی و گوپ خڕەیان لەژێر خۆڵدا زیندەبەچاڵ دەکرد، تا مردن، ئەگەریش لە کوشتن رزگاری ببا، ئەوا دەبایە بەسەرشۆڕی و ریسوایی و زەبوونی بژیایە، هەروەکو خودای گەورە لە سورەتی (النحل) ئایەتی ٥٨ ـ٥٩ دا باسی دەکات». گوتیشی «ئەگەر بە دیار شەوچەرەی مێژووەوە دابنیشین بۆمان دەگێڕێتەوە ئافرەت لەهەڵسوکەوتدا لەئاژەڵیش کەمتری لەگەڵ کراوە، پیاوان سەربەست بوون بەزۆر چەندین ئافرەت بکەنە خێزانی خۆیان کچان پرسیان پێ نەدەکرا، ئەگەر ئافرەتێك پیاوی بمردبا بەهیچ جۆرێك نەدەبا بیری شووکردن بە خەیاڵیدا بهاتبایە، لەولاشەوە ئافرەتێکی تەواو هەرزەکار و بگرە گەورەتریش لەتەمەندا لەشیرەخۆری ناو لانك مارەدەبڕا، هەربۆ بەرزکردنەوەی رێزی ئەوشیرەخۆرە کە نێر بوو،



یوسف عوسمان
پسپۆری دەروونناسی:

**پێویستە کچان لە بناغەوە لە خێزان و قوتابخانەدا وا پەروەردە بکرێن کە بتوانن خاوەن بڕیاری خۆیان بن و یاسایەکیش هەبێت پشتیوانییان بکات**

خۆیان داوایان دەکرد، بە فرۆشتنی خۆیان کۆتایی پێ بهێنن».

**پێشێلکردنی مافی ئافرەت پێشێلکردنی یاسابەرزەکانی ئیسلامی پیرۆزەو دەرچوونە لەبازنەی خواپەرستی**

مامۆستا هێمن شارەستینی پێشنوێژ و وتارخوێنی ئایینی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات، کە «لە پێش هاتنی ئیسلام ئافرەت لە ژیانێکی زۆر ناهەمواردا دەژیا، کۆمەلگە ئەوەندە ڕقی لە ئافرەت دەبوویەوە تاکو وای لێهاتبوو کە پێیان ناخۆش بوو هەر لە دایکیش ببێ، کاتێکیش کەلە دایك دەبوو، ئەو باوکە لەشەرمەزارییان خۆی لە خەڵك دەشاردەوە، دواییش ئەو کچە چاو جوان بەوەندەش نەوەستان ئەگەر ئافرەت بکەوتایەتە سەرە مانگ و مێردەکەی بیزانیایە، دەبوایە بە چلەی زستان و گەرمای هاوین لەدەشتی رەق وسۆڵ ژیان بە سەر ببات، تاکو پاك دەبێتەوە، بەڵام ئیسلام رێزێکی تایبەتی بۆ کچ داناوە، ئیسلام هۆشداری بەپیاوان دەدات لە جەوهەری ئافرەت. مافی دایك لەپێش هی باوکە، پەروەردەکردن و بەخێوکردنی کچان و خوشکان ئەرکێکی بەهەشتییە بۆ بەخێوکەر، پێشێلکردنی مافی ئافرەت پێشێلکردنی یاسا بەرزەکانی ئیسلامی پیرۆزە ودەرچوونە لەبازنەی خواپەرستی، ئەم باسانەش لە سوڕەتی (البقرە، النساة، الروم، النور، الاحزاب ....) دا هاتوون».